# دوو هۆنراوە



چەندین سەدە لەوەپێش دوو شاعیر لە جادەیەکی ئاتێن بەیەك گەیشتن‌و لەدیتنی یەکتری زۆر خۆشحاڵ بوون.

یەکێ لە شاعیرەکان لەوی تریانی پرسی: لەو ماوەیەدا چ هۆنراوەیەکت نووسیوە؟ هۆنراوەکەت چۆنە؟

ئەوەی تریشیان بە خۆبە زل زانیەکەوە وتی (وەڵامی دایەوە): "هەنووکە، گەورەترین هۆنراوەی خۆم و ڕنگە گەورەترین و درێژترین هۆنراوەی یۆنان بێ کۆتاییم پێ هێناوە، هۆنراوەیەك کە لە وەسفی زیئۆسی گەورەدا".

دواتر لەژێر کۆتەکەیەوە (پاڵتۆکەیەوە) تۆمارێکی دەرهێناو وتی: "لێرە دایە، سەیر بکە، لەگەڵ خۆما هێناومە. بۆتی ئەخوێنمەوە. وەرە لەژێر سێبەری ئەو سپیدار دابنیشین".

و هۆنراوەکی خوێندەوە. هۆنراەیەکی دوورو درێژ بوو.

شاعیری دووەم بە مێهرەبانیەکەیەوە وتی: "هۆنراوەیەکی گەورەیە. چەندین سەدە ئەمێنێتەوەو ئەبێتە جێگای فەخرو شانازی تۆ".

شاعیری یەکەم بەهێمنیەکەیەوە وتی: "ئەی تۆ بەم دوایانەوە چ هۆنراوەیەکت نووسیوە"؟

دووهەمی وتی: "زۆرم هۆنراوە نەهۆنیوەتەوە. تەنیا هەشت بەیتیەك نەبێ بەیادی منداڵێك کە لە باغێکا یاری ئەکات". هۆنراوەکەی خوێندەوە.

شاعیرەکەی تریش وتی: "خراپ نیە، خراپ نیە".

و لەیەکتر جوێ بوونەوە.

و هەنووکە بەدوای دووهەزار ساڵ، هەشت بەیتیەکەی شاعیرەکە هێشتا لەسەر زمانانەو خۆشیان ئەوێ.

هەرچەندە کە هۆنراوەی شاعیرەکەی دیکە بەچەندین سەدە لە پەرتووکخانەو قەفەسەکانی فەیلەسووفەکان داماوە، و هەرچەندە ماوەیە بەڵام هیچ کەسێ نەخۆشی دەوێ و نە ئەی خوێنێتەوە.

باغ پیامبرو سرگردان

جبران خلیل جبران

■